# ئێمە دژ بە لەشکرکێشی سەربازی تورکیاین و خوازیارین بارەگاکانی پارتی چارەسەر لە ژێر هیچ بیانوویەکدا دانەخرێن و ئازادی سیاسی بە عەمەلی کاری پێ بکرێت لە کوردستاندا.

بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
بەڕێز نێچیروان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان
بەڕێزان ئەندامانی هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان
بەڕێز جەلال تالەبانی سەرۆکی کۆماری عێراق
بەڕێز نوری مالیکی سەرۆکی وەزیرانی عێراق
سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی عێراق
هەموو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و پارتە سیاسیەکان
سڵاوو ڕێز

لەگەڵ ئەم نامەیەدا واژۆی ژمارەیەک کەسایەتی و ڕێکخراوتان بۆ دەنێرین لەپەیوەند بە ئازادی سیاسی و پێشێلکاریەکاندا و بەتایبەت هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورکیاو داخستنی بارەگاکانی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان،هیوادارین ئەم داخوازی نامەیەو ئەم نارەزایەتی نامەیە بە مەسئولیەتەوە سەیربکەن و گرنگی بدەن بەم داخوازیەوە،ڕێگای کارو هەڵسوڕانی پارتی چارەسەرو هیچ هێزێکی سیاسی مەگرن. دەقی داخوازی نامەکەی ناوەندی چاک و واژۆکان لەخوارەوە هەن.

---

بەپێی دوایین هەواڵەکان دەسەلاتدارانی پارتی و یەکێتی و حکومەتی کوردستان هاوکار لەگەڵ دەستپێکردنی کۆنگرەی ئەستەنبوڵ بارەگاکانی پارتی چارەسەریان داخستوون و دەیانەوێت بەمە نیازباشی خۆیان بۆ دەوڵەتی فاشیستی تورک پیشان بدەن، ئەمە لە کاتێکدایە کە دەوڵەتی تورکیا هەرچی ناوی کورد و خەڵکی کوردی لەسەر بێت دژایەتی ئاشکرای دەکات ، و ملهوڕانە دژ بە کۆمەڵگای ناودەوڵەتی دەکات و لەسەر ئەوە کاردەکات کە کورد تیرۆریستە و نابێت هیچ مافێکی مەدەنی و دیموکراتی بیگرێتەوە!
تورکیا نەک هەر لە ناوەوە دەیەوێت بەبەزم و باقو بریقی میدیاکان سەربازەکانی بەڕی بکات بۆ کوشت و کوشتاری خەڵک و رۆڵەکانی و وێرانکردنی دێهات و سروشتی کوردستان بە چەکی یاساغکراو کۆمەڵ کوژ، بگرە کۆمەک و هەموو شتێکی خستۆتە خزمەتی هێزو گروپە فاشیستەکانەوە و ئەوانیش وەک گورگی برسی دەیانەوێ پەلامارای دەستکەوت و داخوازیەکانی خەڵکی کورد بدەن ، خەڵکی کوردستانیش لەدەرەوە و ناوەوەوە وێڕای خۆ بێدەنگ لێکردنی یەکێتی و پارتی و هەندێک جاریش ڕێگری بۆ خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانیان، بەڵام بێدەنگ نین و بە ماڵ و منداڵەوە بە دەنگ هاتوون و بۆ مافەکانی خۆیان هاتوونە مەیدان.
ناوەندی چاک هەڵوێستی حکومەت و حیزب وئاسایشی سلێمانی و هەولێر کە قفڵ لە دەرگای ئازادی و دیموکراتی دەدەن و تۆرانیە رەگەزپەرستەکانیش بە ئابلۆقەی ئابوری قفڵ لە دەرگای نان دەدەن بۆ کورد و کوردستان بەنارەوا و دژ بەمافی مرۆڤ بە پێچەوانەی بنەماکانی ئازادی دەزانین و مەحکومی دەکەین و خوازیارین دەستبەجێ دەست لەم کارە هەڵگرن .

ئەم کارە بەدیهێنانی ئامانجە گڵاوەکانی تۆرانیەکانە! کە چاویان بە هیچ جۆرە ئارامی و ئازادی و دیموکراتی بۆ خەڵکی کوردستان هەڵنایە، تورکە رەگەز پەرستەکان پێ لەسەر تیرۆرستی پەکەکە دادەگرن داوا دەکەن کە پەکەکە دەربکرێت لە کوردستاندا،لەکاتێکدا هێزی میت و بەرەی تورکمانی ئاڵۆزی دەنێنەوەو پلان دادەڕێژن بۆ لەدەست دەرهێنان و ژێرپێ نانی بڕیاری 140 و کوردستانی بوونی کەرکوک ،و بە دەیان خۆپیشاندان دەکەن لە ناو تورکیا و هەندەراندا دژ بە گەلی کورد.

ئێمە وەک ناوەندی چاک چۆن هێرشی تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان رسوادەکەین بە و پێیەش دژ بەو هەڵوێستەی حکومەتی کوردستانین کە دەرگای پارتی چارەسەر دادەخەن. ئەم کارە کارێکی هەتا بڵێی نادیموکراتیانەیە و بەرتەسکرکردنەوەی ئازادی سیاسیە لە کوردستاندا. چاک داوا دەکات:
1 - دەستبەجێ ئەم بڕیارە دژ بە پارتی چارەسەر هەڵبوەشێتەوەو هەموو ڕێگریەکان لابرردێن لەبەرانبەر هەڵسوڕان و کارەکانیاندا.

2- بوار بە پێشێلکردن و سات و سەودا بە ماف و داوا و خەباتی خەڵکی کوردستانەوەنەدرێت لەلایەن هیچ هێزێکی ناوخۆودەرەکییەوە.

## بۆ پشتیوانی لەم داخوازینامەیە  لێرە کلیک بکە!

| | | |
|---|---|---|
| ماڵپەڕی ئەمڕۆ | ساڵنامەی ئەنفالستان | ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ( چاک) |